# ئەگەر هاتی

ئە ڵماس مستەفا

ئەگەر هاتی بە ئەسپایی،
لە پەنجەرەی ژوورەکەم بە..
با فریشتەی خەیاڵم
رانەچڵەکێ ..!
با جێژوانمان ساباتی،
دارهەرمێیەک بێ
یەکەمین ماچ
یەکەمین ئامێز
لە شەوێکی کریستاڵیدا
بە رێ بکەین..
بەر لەوەی گێژەڵووکەی
ئەم پایزە لە گێژاوی
فە نا بوون
بمانخواتەوە،
وە رە با هەناسەمان
تێکەڵ بەیەکتر بکەین..
وەرە با پێکێ لە
ئەشق بنۆشین..
ساتێک لە حەسرەتی
یەکتردا بتوێینەوە
تا تاڵی ئەم رۆژگارە
سەختە فە رامۆش
بکەین..
هەنگاوەکانمان بە دوی
هیواکانمان بە رین..
وەرە من بۆ تۆ
تۆش لە گە ڵ،
نەورەسەکاندا وەرە

**ماڵی تەنیایم**

**بسپێرە بە خۆر...**

**سوید**